# سەنتەری چالاکی گەنجانی ڕانیە ئاهەنگێکی گەورە لە سەرکەپکان ئەنجام دەدات

**لە هێڤارەوە**





رۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٦/٣/٢٨ کاتژمێر ٣ دوای نیوەڕۆ لە شارۆچکەی سەرکەپکان سەنتەری چالاکی گەنجانی ڕانیەی سەر بە ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان بە بۆنەی نەروز و جەژنەکانی ڕاپەرین ، هەڵسا بە سازدانی ئاهەنگێکی گەورەی گۆرانی و مۆسیقا ، کە تێیدا ڕێژەیەکی زۆری گەنجانی کورو کچی ناوچەکە ئامادەی ئاهەنگەکە بوون ، لە پرۆگرامی ئاهەنگەکەدا وێڕای پێشکەش کردنی چەند بەرهەمێکی گۆرانی و مۆزیکی سەنتەر ، کۆرالێکی کۆمیدی نمایش کرا کە چەند برگەیەکی تەنز ئامێزی لە خۆ گرتبوو دواتر و هونەرمەند (ئیسماعیل سەردەشتی) بە چەند گۆرانیەکی هەڵپەرکێ ئاهەنگەکەی زیاتر ڕازاندەوە کە تێیدا گەنجانی ناوچەکە تا ئێوارە درەنگان بە شایی و هەڵپەرکێ بەشداری ئاهەنگەکەیان کرد . جێی ئاماژەیە ئەم چالاکیەی سەنتەر بەشێکە لە زنجیرەیەك چالاکی گەرۆك کە تێدا جگە لە پرۆگرامەکانی ئەم ئاهەنگە چەندین کۆرس و وۆرك شۆپی ڕۆشنبیریش لە وگوندەکانی ناوچەی دۆڵی بە ئەنجام دەدرێت .

پێویستە بگوترێت ئەم ئاهەنگەی سەنتەر لە دوای دەرکەوتنی یەکەم حاڵەتی نەخۆشی ئەنفلۆنزای باڵندە و مردنی ٢ هاولاتی لە (سەرکەپکان )ە وە دێت کە تێدا ئەم ناوچەیە توشی جۆریك لە دابڕان هاتبوو بەلام خۆشبەختانە کۆنترۆڵی نەخۆشیەکە کراو ، بۆیە ئەم ئاهەنگەش وێڕای جەژنەکانی نەورۆز جۆرێك لە دڵنیای و خۆشیەکی زیاتری بە دانیشتوانی ناوچەکە بەخشی .

جێی ئاماژەیە کە سەنتەری چالاکی گەنجانی ڕانیە وێڕای کۆمەڵێك کارو چالاکی بەردەوامی لە شاری ڕانیەدا ،پەرە بە چالاکی گەرۆکیش دەدات تا ئێستا چەندین خول و چالاکیهەمەجۆری لە حاجیاوا و چوارقورنە و گوندەکانی جەلکان و مەمکان بە ئەنجام داوە .


گنجانی رانیه


گنجانی رانیه






گنجانی رانیه


گنجانی رانیه



